ژمارە (٥٢) ■ حوزەیرانی ٢٠٠٨ ■ ساڵی چوارەم ■ نرخ (٧٥٠) دینار

# نیوەند

گۆڤارێکی سیاسیی رۆشنبیریی گشتیی ئازادە

■ خاوەنی ئیمتیاز: ئارام عەزیز
■ سەرنووسەر: ستیڤان ئەحمەد (شەمزینانی)
■ بەڕێوەبەری نووسین: ئاسۆ عوسمان
■ دەستەی نووسەران: سەناریا خالید
سۆران محەممەد شەنگە جەلیل
■ ئەدرەس: سلێمانی- شەقامی ئۆرزدی -بازاڕی خۆشی - نهۆمی سێیەم



١٠

ناوەندی چاك ١٠٠ هەزار واژۆ بۆ بەجیۆساید ناساندنی ئەنفال کۆ دەکاتەوە



مەهاباد کوردی

کوردو
ستیڤان دیمیستۆرا

١٣



دۆخی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست
لەچەخماخەی سۆدرەیی حکومەتی
ئیسلامی ئێراندا

٣٦

حەمەغەفور

ئازادیی بیرو راو فۆبیای
ئیسلامی

٢٩





٤٢

دیمانە لەگەڵ
نووسەرو شاعیر
شاهۆ تۆفیق



روناك شوانی

بێوەژن لە گۆرانییەکی (عەزیزی
وەیسی)دا

٤٧

پەیوەندییەکان: ٠٧٧٠٥٠٠٤٢٨٩ ٠٧٧٠١٤٥٩٩٢٢ ٠٧٣٠١١٢١٦٤١ Newand_rozhnama@yahoo.com

■ تیراژ: (١٠٠٠) ■ تایپ : مەڵبەندی کۆمپیوتەری کازیوە ■ دیزاینی بەرگ و بابەتەکان

ئەندێش 07701551653

کامەران ئیسحاق پەری - نووسەر و سەرنووسەری ماڵپەڕی شرۆڤە:

# رازیبوونی کورد بەرۆڵگێڕانی نەتەوە یەکگرتووەکان لەچارەسەرکردنی کێشەی ناوچە دابڕاوەکان، مانای دوورخستنەوەی وادەی گەڕانەوەی ناوچە دابڕاوەکانە



نێوەند: ئایا رازیبوونی سەرکردایەتی سیاسیی کوردستان بەرۆڵی نەتەوە یەکگرتووەکان لەچارەسەرکردنی ناوچە دابڕاوەکاندا لەبەرژەوەندیی کورد دەبێت؟.

کامەران پەری: رازیبوونی سەرکردایەتی کوردیی بەرۆڵی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ چارەسەرکردنی کێشەی ناوچە دابڕاوەکان، پێویستە لەچەند لایەکەوە بخرێتە بەرباس و لێکۆڵینەوە بەرلەوەی باس لەوەبکەین. ئایا بەقازانجی کورد دەکەوێتەوە یان ناکەوێتەوە؟ بەگرنگی دەزانم کەمێك لە مێژووی ئەو کێشانەی کە نەتەوە یەکگرتووەکان تێیدا رۆڵی گێڕاوە بۆ چارەسەرکردنیان ئیستێك بکەین، لەمێژووی چارەسەرکردنی قەیرانەکان، بەگژداچوونەکان، بەدەستهێنانی مافەکان لەزۆربەی ئەو کێشانەی کەهاوشێوەی کێشەی ناوچە دابڕاوەکانی کوردەو پەیوەندیی بەسنووری جوگرافی وسیادەی سیاسیی مافی نیشتەجێبوونی گەلانە، لەیەکلایکردنەوەی کێشەکاندا لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە ئەوەمان بۆ روون دەبێتەوە کە کاتێکی زۆری ویستووە تا کێشەکان لایەك بەلایەك بخەن، روونتر رۆتین وخاویی بەرێوەچوونی وبەدەمچوونی کێشەکان لەناو نەتەوە یەکگرتووەکان نەریتێکی باوی کارکردنی ئەو رێکخراوە بیرۆکراتییە،بەمەش دەتوانین بڵێین کە بەرازیبوونی سەرکردایەتی کورد بەرۆڵگێڕانی نەتەوە یەکگرتووەکان لەچارەسەرکردنی کێشەی ناوچە دابڕاوەکان، مانای دوورخستنی وادەی گەڕانەوەی ناوچە دابڕاوەکانە هێندەی پەلەکردن بێت لەجێبەجێکردنی و زووتر گەڕاندنەوەی ناوچە دابڕاوەکان.. ئەمە جگە لە ئەنجام و کاردانەوەی دەستێوەردانی نەتەوە یەکگرتووەکان لەکێشەیەکی ئاوەها قووڵ و بەگژداچوو، بەلام تا چەند سەرکردایەتی کورد مەبەستدارانە کێشەی ناوچە دابڕاوەکان دەباتە بەردەم نەتەوە یەکگرتووەکان، ئەمیش پرسیارێکە وەك زۆرێکی تری هەڵسوکەوت وبڕیاری بارگاویی دەسەڵاتی کوردیی پێویستی بەوەلام و روونکردنەوەی ئەو هۆیانەی پاڵ بەسەرکردایەتی کوردەوە دەنێت بۆ پەنابردن بۆ نەتەوە یەکگرتووەکان وشیکردنەوە ولێکدانەوەی قازانج وزیانەکانی کورد لەچارەسەرکردنی کێشەکە لەسەر دەستی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ دەردەکەوێت. سەرەتای کێشەو هەڵوێستە بارگاوییەکانی دەسەلات لێرەوە دەست پێناکات. بگرە لەیەکەم ساتی رزگارکردنی کەرکووك دەستپێدەکات کاتێك کە دەسەڵاتی کوردیی بەنهێنی مامەڵە لەگەڵ مەلەفی ناوچە دابڕاوەکان دەکات.. ئێمە باحوکمێکی پێشوەخت نەدەین بەسەر بڕیارەکانی دەسەڵاتی سیاسیی و بڵێین کورد لەتوانایدا بوو کە لەیەکەم رۆژەوە کێشەی کەرکووك بەقازانجی خۆی تەواو بکات.. چونکە کێ دەڵێت دەسەڵاتی سیاسی کوردیی مەبەستی بووە ئەو کێشەیە لەوساتەدا بەقازانجی خۆی تەواوبکات؟ ئەمە داکۆکی یان زڕاندنی ناوبانگی دەسەڵاتی کوردیی ناگەیەنێت کاتێك کە دەڵێم باحوکم نەدەین بەو مانایەی کە زانیارییەکی ئەوتۆ لەلایەن دەسەڵاتی کوردیی نەخراوەتە بەردەست شەقامی کوردیی کە لەرێکەوتنەکان، لەدابەشکردنی دەسەڵات، لەبەرێوەبردن،لەدابەشکردنی سامانەکان، دەسەڵاتی سیاسیی کوردیی لەسەر چ بنەمایەك لەگەڵ دۆست ونەیارەکانی رێکەوتووە، دواتر ئەو دەسەڵاتە سیاسییە کوردییە، هیچ کات رای شەقامی کوردیی ویستی خەڵکەکەی بەلاوە گرنگ نەبووە، روونتر بەهەندی وەرنەگرتووە.. لاموایە هەنووکە بەشێکی ئەو خەمساردییەی دەسەڵاتی کوردیی لەوەدا نابینێت کە هەرچی زووە ناوچە دابڕاوەکان بخاتەوە سەر هەرێمی کوردستان هێندەی لەخەمی تاپۆکردنی بیرە نەوتەکانی کەرکووکە بەسەر خۆیدا هێندە لەخەمی بەرژەوەندیی تاکی کوردی " کەرکووکی" نییە.. دەسەڵاتی کوردیی ناخوازێت جارێکی تر بەئەزموونی دەسەڵاتگرتن بەشەڕی ناوخۆدا تێپەڕێنێت ناخوازێت بەشەڕ دەسەڵاتەکان دابەشبکات، ئەمجارەیان، بەجیا لەپێشەکانی پارتی ویەکێتی بەلایانەوە گرنگە دابەشکردنی دەسەڵات، سامانە گشتییەکان بەرێکەوتن بێت نەك بەشەڕی براکان. پاشان ئێمە لەباسکردنی دابەشکردنی داهات بەسەر دەسەڵاتی سیاسیی کوردیی باس لە چەند ملیۆنێکی داهاتی گومرگی ئیبراهیم خەلیل یان باشماخ، یان گرتنی تەپۆڵکەیەکی وەك تەپۆلکەی کەپکی حەمەئاغا ناکەین، ئێمە

کامەران ئیسحاق پەری

- لەدایکبووی ساڵی ١٩٧٥ ، سلێمانی.
- نووسەر و رووناکبیر.
- خاوەنی دوو بەرهەمی چاپکراوە لە کوردستان، چەندین وتارو کاری رۆژنامەوانی لەگۆڤارو رۆژنامەکانی کوردستان بەرچاو دەکەوێت.
- ئێستا سەرنووسەری ماڵپەڕی شرۆڤە و بەرپرسی نوسینگەی گۆڤاری لڤینی ئەورووپایە.
- خوێندنی سەرەتایی و دواناوەندیی و زانکۆی لەسلێمانی خوێندووە.
- لەساڵی ١٩٩٩ لەئەورووپا نیشتەجێیە و ئێستا دانیشتووی وڵاتی سوێدە.

قسە لەسەر زۆرترین یەدەگی نەوتی لەناوچەکە وجیهان دەکەین، باس لەئاڵتونی رەشە. یەکێتی وپارتی لەوە بەئاگان کە دابەشکردنی بیرە ئاڵتونەکان بەشەڕ ناچێتە جێ، بەرێکەوتنیش کاتێکی زۆر دەبات.. بۆیەکا هەتا ئەمان لەناوخۆیاندا لەسەر ئەو ئیقتیسامە رێکنەکەون، زەحمەتە بهێڵن چارەنووسی ناوچە دابڕاوەکان یەکلابێتەوە.. دەبێت ئێمە بۆ گەڕاندنەوەی ناوچە دابڕاوەکان لەخودا بپاڕێینەوە، سوجدەبەرین، کە ئەمان زوو رێکبکەون دەنا بەرێکنەکەوتنیان مانای لەدەستدانی ناوچە دابڕاوەکان مانای ناتەبایی و نارێکەوتن دەگەیەنێت لەناو ستراتیژیی دابەشکردنی داهاتەکان. بۆیە ئەمڕۆ کاتێتی ئیدی ناوچە دابڕاوەکان خۆیان بۆ قۆناغێکی تری چاوەڕوانی بێهودە ئامادە بکەن.. ئەمە ئەگەر مەبەستیان بێت بگەڕێندرێنەوە سەر هەرێمی کوردستان.

نێوەند: ئەگەر پرۆژەکەی دیمیستۆرا نەیتوانی چارەسەری کێشەی ناوچە دابڕاوەکان بکات ئایا سەرکردایەتی سیاسیی کوردستان دەتوانێت هەنگاوی کاریگەر و یەکلاکەرەوە بنێت؟

کامەران پەری: سەرکردایەتی سیاسی کوردیی لەناوخۆیدا چەند ئاراستەو دابەشبوونێکی تێدا بەدیدەکەین کە بەشێوەیەکی ناراستەوخۆ رۆڵی گێڕاوە لەنەبوونی هەنگاوی کاریگەر ویەکلایکەرەوە، بۆچوونی جیاواز لەمەڕ میکانیزمی چارەسەرکردنی کێشەی کەرکووك، بەریەککەوتنی بەرژەوەندییە حزبییەکان، دابەشکردنی دەسەڵات وسامانی نەوتی کەرکووك، پەیداکردنی جەماوەر بۆ حیزبەکان..هتد رێگرن لەبەردەم هەبوونی یەك هەڵوێستی روون وئاشکرای کوردیی.. ئەگەر رووداوەکان بگەڕێنینەوە دواوە دەبینین دەسەڵاتی سیاسی کورد لەکەرکووکدا شەش مانگی پێچوو تا توانی لەسەر کاندیدێکی پارێزگار بۆ کەرکووك رێکبکەون جا نەخوازە لەسەر دابەشکردنی ئەو هەموو سامان وسەروەتەی کەرکووك هەیەتی.. جا نەخوازە لەهەبوونی تورکمان و مەسیحی لەکەرکووك و رازیکردنیان وجۆشدانیان بەلای خۆیاندا دەبێت چ هەرایەك بێت. دروشمی کەرکووك شاری برایەتییە دروشمێکی کۆن و بەسەرچووی دەسەڵاتە دیکتاتۆرو چەواشەکەرەکانی دونیایە، زۆرکات بۆ چەواشەکردنی رای گشتی بەکاردەهێنرێت و رۆڵی خراپی خۆشی دەگێڕێت.. دەبێت هەڵوێستی یەکەمی دەسەڵاتی کوردیی خۆ یەکلایکردنەوەیەتی لەو دروشمە بەسەرچووانە.. وەك ئاماژەم پێدا دەسەڵاتی کوردیی هیچ هەنگاوێکی جیددی کاریگەر نانێت تاوەکو مەسەلەی دابەشکردنی داهات لەناوچە دابڕاوەکان لەئارادا بێت. بەبڕوای من باشترین وکاریگەرترین هەنگاو وهەڵوێست بۆ مێژوو کە پێویستە سەرکردایەتی سیاسی کورد لەئەگەری نەگەڕاندنەوەی ناوچە دابڕاوەکان پێویستە بینێت، دەست لەکارکێشانەوەیەتی لەدەسەڵاتی سیاسیی وبەڕێوەبردنی وڵات، هەنووکەش هاووڵاتییە کوردەکانی ناوچە دابڕاوەکان کار بۆ لایەنێکی دی بکەن، گرنگترینیان لێکدانەوەی قازانج و زیانەکانی بوونی ناوچە دابڕاوەکان بەهەرێمێکی سەربەخۆ، یان گەڕاندنەوەی لەسەر هەرێمێکی کوردستان کەپێشوەخت لەرەشنووسی دەستوورەکەیدا کەمترین ماف و پێداگرتن

تەوەرەی نێوەند

لەسەر شوناسی کوردیەتی ناوچە دابڕاوەکان بەدی دەکرێت. کاتی ئەوە هاتووە ئیدی هاووڵاتی ناوچە دابڕاوەکان موزایەدەو موساوەمەی دەسەڵاتی کورد قبوڵنەکەن، بەرپەرچدانەوە قبوڵنەکردن بەمانای مانگرتن وخۆپیشاندان ونارەزایی دەربڕین دەستپێناکات، قبوڵنەکردن، رەتکردنەوە، بەمانای رێگرتن لەهەر رێکەوتنێك کە خاڵ و بەندەکانی نەزانراو وشاراوە بێت.. بارودۆخی ناوچە دابڕاوەکان چیدی موفاجەئە لەخۆ هەڵناگرێت بارەکە بەشێوەیەك هەڵایساوە، کە ناکرێت لەوەزیاتر چاوەڕێی ئومێدی لێبکەین.. ئێستاش لەیادمە دەسەڵاتی سیاسیی کوردیی لەبەشانهاتنە خوارەوەی ماددەی ١٤٠ وەك دەسکەوتێکی مەزن لەمێژووی گەلاندا، چ هەرایەك و هەڵایەکیان نایەوە، تەنانەت کار گەیشتە ئەوەی کە بڵێین بۆ یەکەمین جار لەمێژووی چارەسەرکردنی چارەنووس ومافی گەلان بەشێوەی دیموکراتی و بەریفراندۆم یەکلایی دەکەینەوە، ئەوکات هیچ کام لەئێمە بەرپەرچی ئەو بڕیارە نەبووینەوە، بەدەگمەن پرسیارمان کرد ئایا ماف و چارەنووسی رەوا بەریفراندۆم چارەسەر دەکرێت، لەجێبەجێ کردنی ماددەی ١٤٠ لەکاتی خۆیدا دەنگمان نەکرد.. ئەم دەنگ نەکردنە، ئەم قبوڵکردنە... گومان دەهێنێتە ئاراوە، گومانی ئەوەی کە هاووڵاتی کوردیی هاودەنگ بێت و بەرەزامەندیی شەقامی کوردیی دەسەڵاتی کوردیی بەو شێوەیە مامەڵە دەکات.

